# نەهێشتن و ڕێگری لە

# خـــۆكـــوشـــتـــن

**(٢)**

ناميلكەيەكی تايبەتە بە نەهێشتن و ڕێگری
لەخۆكوشتن بۆ كارمەندانی زيندان و چاكسازييەكان

**لە بەشی تەندروستی مێشك/ ڕێكخراوی WHO دەرچووە**

**وەرگێڕان لە ئينگليزی: د. عارف حيتۆ**

**2012**

(٢)

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | نەهێشتن و ڕێگری لە خۆکوشتن |
| نووسەر | ڕێکخراوی **WHO** |
| وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە | د. عارف حیتۆ |
| پێداچوونەوەی زمانەوانی | تانیا جەمال غەریب |
| نەخشەسازی | ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا |
| تایپ | ڤین عارف حیتۆ |
| چاپ | چاپخانەی ماردین- هەولێر |
| نۆرەی چاپ | چاپی یەکەم ٢٠١٢ |
| تیراژ | ٢٠٠٠ دانە |

لەبڵاوکراوەکانی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژی نەهێشتنی توندوتیژی

## پێشەکی

خۆکوشتن حاڵەتێکی ئالۆزە کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بووەتە مایەی سەرنجدانی گەلێك لە پزیشك و بیرمەند و کۆمەڵناس و هونەرمەندان و فەیلەسوفەکانی جیهان. لە «ئەفسانەی سیزیف»دا، فەیلەسوفی فرەنسی ئەلبێرت کامۆ دەڵێت کە خۆکوشتن کێشەی سەرەکی فەلسەفەیە.

وەکو کێشەیەکی تەندروستی و کۆمەڵایەتی پێویستی بە بایەخدان و سەرنجی ئێمە هەیە، بەڵام جێگای داخە کە رێگری و نەهێشتن و کونترۆلکردنی حاڵەتەکە ئەرکێکی ئاسان نییە. بە گوێرەی نوێترین لێکۆلینەوە، دەرکەوتووە کە نەهێشتن و رێگری لە خۆکوشتن پێویستی بە زنجیرە چالاکیەکی پێکەوە بەستراو هەیە. دابینکردنی باشترین هەلومەرجی ژیان لە منداڵ و گەنجەکانمانەوە دەست پێدەکات و بە چارەسەرکردنێکی کاریگەر بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان تێدەپەرێت تا دەگاتە

کونترۆلکردنی ژینگە و هۆکارە مەترسیدارەکانی خۆکوشتن.
بـڵاوکـردنـەوەی زانـیـاری و ووشـیـارکـردنـەوەی گـونـجـاو، ئەلەمێنتەکی سەرەکی گرنگە بۆ بەرنامەی نەهێشتن و ڕێگری لە خۆکوشتن.

لە سالی ١٩٩٩ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەرنامەیەکی دەسپێشخەری جیهانی بۆ نەهێشتنی خۆکوشتن دایناوە. ئەم نامیلکەیە بەشێکە لە زنجیرە نامیلکەکانی ئەم بەرنامەیە کە تایبەتە بە کارمەندانی کۆمەڵایەتی و گروپە پیشەکارەکانی تەندروستی سەرەتایی کە بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ نەهێشتن و ڕێگری خۆکوشتن دەکـەن. ئـەم بـوارە لینکێکە لـە زنجیرەیەکی درێـژی بەرنامەکانی خەلك و گروپەکان بۆ نەهێشتنی خۆکوشتن کـە ئـەم بـوارانـە لەخۆ دەگرێت؛ پیشەکارانی تەندروستی، مامۆستا و ڕاهێنەرەکان، دەزگا و کارمەندی کۆمەڵایەتی، حکومەت، یاسا دانەرەکان، لیدەر و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی، پیشتیوانانی یاسا، خێزانەکان و کۆمەڵگە بە گشتی.

شایانی ئاماژەیە کە بەرنامەکە بە شێوەیەکی تایبەتی قەرزاری دکتور هیسـەر ستیوارتە، لە بەشـی تەندروستی کۆمەڵگە و پەتاکان، زانکۆی کوینس، کینگستۆن، ئونتاریۆ- کەنەدا، کە

بیرۆکە و چاپی یەکەمی ئەم نامیلکەیەی ئامادە کردووە. هەروەها پێداچوونەوەی ناوەرۆکی نامیلکەکە لە لایەن ئەم بەرێزانەی خوارەوە کراوە کە ئەندامی رێکخراوی تەندروستی جیهانین لە بەرنامەی تۆڕی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتن و رێگری لە خۆکوشتن. ئێمە بە شانازییەوە سوپاسییان دەکەین:

د. ئەنیتا بیاترێس، خوێندنگەی کریسچێرچ بۆ پزیشکی. کریسچێرچ، نیوزیلەندا.

د. ئویڤند ئێکیبێرگ، نەخۆشخانە ئویلیڤال، زانکۆی ئوسلۆ. ئوسلۆ، نورۆج.

پروفیسۆر روبێرت گولدنی، زانکۆی ئەدیلایدی. گلبەرتۆن، ئوسترالیا.

پروفیسۆر ریچارد رامسەی، زانکۆی کالگەری. کالگەری، کەنەدا.

پروفیسۆر لۆرانس سکێلبۆش، زانکۆی ناتال. دوربان، باشۆری ئەفریکا.

د. ئایری ڤارنیك، زانکۆی تارتو، تالینن، ئیستونیا.

هەروەها سوپاسی پروفیسۆر جولیۆ ئاربۆلیدا- فلۆرێز دەکەین لە زانکۆی کوینس، کینگستۆن، ئونتاریۆ- کەنەدا. ئەم نامیلکەیەی بە تێبینیەکانی دەوڵەمەند کرد.

ئێستا ئـەم نامیلکەیە بـە شێوەیەکی فـراوان لـە جیهاندا بڵاو بووەتەوە و بە هیوای ئەوەین کە بۆ هەموو زمانەکان وەربـگـێـردرێـت و لـە دەڤـەرەکـانـی سـەرانـسـەری جیهاندا بڵاوبکرێتەوە بۆ ئـەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ نەهێشتن و رێگری لە خۆکوشتن. هەموو تێبینی و داواکانی وەرگـێـران و گونجاندنی ئـەم نامیلکەیە لـەگـەڵ بـارودۆخـە هەمەجۆرەکاندا جێگای سوپاسی و خۆشحاڵیمانن.

دکتور ج. م. بێرتولوتی
بەرپرسی هەماهەنگی لە هوبەی نەخۆشیەکانی رەفتار و
مێشك - بەشی تەندروستی مێشك
رێکخراوی تەندروستی جیهانی

# نەهێشتن و ڕێگری لە خۆکوشتن
# نامیلکەیەکی تایبەتە بە نەهێشتن و ڕێگری لە خۆکوشتن بۆ کارمەندانی زیندان و چاکسازیەکان

خۆکوشتن بەربڵاوترین هۆکاری مردنە لە چاکسازیەکاندا. گرتووخانە یان شوێنی دەست بەسەرکردن (تەوقیف) لە پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خەڵکی زیندانی بەرپرسیارن، نەبوونی توانای ئەم پاراستنە بەرپرسانی بەندیخانەکە ڕووبەڕووی بەدواداچوونی یاسایی دەکات. سەرەڕای ئەوەش دەبێتە هۆی ووروژاندنی دەزگاکانی مێدیا و بە شێوەیەکی گشتی خۆکوشتن لە گرتووخانە و چاکسازیەکاندا دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئابرووچوونی سیاسی. لەبەر ئەوە، دابین کردنی هۆکارەکانی نەهێشتنی خۆکوشتن و پێشکەش کردنی خزمەتگۆزاریەکانی ڕێنماییکردن دوو فاکتەری گرنگی چاودێری زیندانیەکانن، هەروەها دوو فاکتەری گرنگن بۆ

پاراستنی ئەو دەزگایەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. بەم پێیە، چاکسازیەکان لە ململانێیەکی بەردەوامدا دەبن لە سەر کێشەی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن.
دەزگا چاکسازیەکان لە رووی کێشەی زیندانیەکان و رەوشی ناو بەندیخانەکەدا جیاوازیان دەبێت وەك ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کورت دەست بەسەرکراون، کەیسی پێش دادگاییکردن، زیندانیە مەحکوم کراوەکان، ئەوانەی حوکمی قورسیان هەیە، قەرەبالغی، پاك و خاوێنی شوێنەکە، رەوشی باوی کلتۆری و کۆمەڵایەتی، بڵاوبۆونەوەی نەخۆشی ئێدز، گەیشتنی خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی یان دابینکردنی خزمەزگوزاری تەندروستی دەروونی. لەوانەیە هەر یەك لەم فاکتەرانە بە شێوازی جۆراوجۆر ئاکامی نەرێنی لەسەر بەرز بوونەوەی رێژەی خۆکوشتن هەبێت. بەڵام سەرەرای ئەمانەش لە توانادا هەیە لە رێگای پابەندبوون بە هەندێك پرۆسە و رێنمایی تایبەت، رێگری لە خۆکوشتن بکرێت[١].
ئەم نامیلکەیە بۆ کارمەندانی تەندروستی دەروونی و ئەفسەرەکانی گرتووخانە و چاکسازیەکان ئاراستەکراوە، کە بەرپرسیارن لە سەلامەتی و چاودێریکردنی زیندانیەکان. هەندێك زانیاری گشتی دەربارەی خۆکوشتن دەخاتە ڕوو و

ژمارەیەك چالاكی كاریگەریش پیشان دەدات كە لە توانادایە بۆ بەرنامەی رێگری و نەهێشتنی خۆكوشتن بەكار بهێنرێت. بەم شێوەیەش رێژەی خۆكوشتن لە ناو چاكسازیەكاندا كەم دەبێتەوە.

## هەندێك زانیاری گشتی دەربارەی خۆكوشتن

خۆكوشتن كێشەیەكی تەندروستی كوشندەیە. رێكخراوی تەندروستی جیهانی وای بۆ دەچێت كە لە هەر سێ چركەدا نزیكەی یەك هەوڵدانی خۆكوشتن هەیە و لە هەر دەقیقەیەكدا حاڵەتێكی ئەنجامدانی خۆكوشتن روودەدات. ئەمەش مانای ئەوەیە كە رێژەی ئەو كەسانەی بە خۆكوشتن دەمرن زیاترن لەوانەی كە لە شەڕ و كوشتارەكاندا دەمرن. بۆیە رێگری و كەمكردنەوەی رێژەی خۆكوشتن بووەتە ئامانجێكی گرنگی تەندروستی نێونەتەوەیی[٢].

هۆكارەكانی خۆكوشتن نادیار و ئاڵۆزن[٣]. هەندێك كەس هەن هەر كاتێك رووبەرووی رووداوی سەختی ژیان ببنەوە یان لە ژێر فشارێكی دەروونیدا بن، بە ئاسانی دەكەونە ژێر باری مەترسی خۆكوشتن. كاریگەری نەهێشتنی خۆكوشتن لەوەدایە

که ئەو کەسانەی لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان بناسرێن و بزانن لە چ رەوش و بارودۆخێکدان، ئینجا چۆن دەتوانرێت دەستێوەردانێکی چالاك و کاریگەریان بۆ بکرێت. بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە، توێژەرانی دەروونـی و کۆمەڵایەتی هەندێك فاکتەری بەربڵاویان دەسـت نیشانکردووە کە دەبنە هۆی مەترسی خۆکوشتن؛ وەك فاکتەرەکانی کلتوری- کۆمەڵایەتی، حاڵەتەکانی نەخۆشی دەروونی، فاکتەری بایولۆژی، بۆماوەیی، زەبـر و پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی. پرۆسـەی سەرهەڵدانی مەترسی ئەنجامدان یان رەفتاری خۆکوشتن لەم فاکتەرانەی سەرەوەدا ئاڵۆز و نا دیار دەبن، هەروەها تێگەیشتنیشی ئاسان نییە. سەرەڕای ئەوەش ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی مەترسیەکی زۆری خۆکوشتن و کۆمەڵگە گرنگیەکی گەورەی پێ دەدات، چونکە بە رێژەیەکی بەرزتر لە رێژەی سروشتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا دەبنە هۆی خۆکوشتن. ئەو کەسانەی کە زۆرتر ڕووبەرووی مەترسی خۆکوشتن دەبنەوە، ئەمانەن:

- گەنجی نێر (لە تەمەنی ١٥ – ٤٥ساڵیدا).
- کەسانی بەساڵاچوو، بە تایبەتی بەساڵاچووانی نێر.
- ئەوانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە.
- ئەوانەی بە ئەلکهۆل یان مادده هۆشبەرەکان ئاڵوودەبوونە.

- ئەوانەی کە پێشتر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.
- ئەوانەی لە ژێر چاودێریدان یان زیندانیەکانی چاکسازی.

زیندانیەکانی چاکسازی کۆمەڵێکن لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان وەکو گروپ، ئەوانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو چاکسازیەکاندا دەمێننەوە، بە رێژەیەکی زیاتر لە هاوتەمەنەکانی خۆیان لە دەرەوەی چاکسازی، تۆشی مەترسی خۆکوشتن دەبنەوە. بۆ نموونە؛ رێژەی خۆکوشتن لە لای ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کورت لە بنکەکانی پێش دادگاییکردندا دەمێننەوە، دە ئەوەندەی ئەوانەی لە ناو کۆمەلگەدان زیاترە. رێژەی خۆکوشتن لە لای زیندانیە حوکمدراوەکان سێ ئەوەندەی ئەوانەی لە دەرەوەی زینداندان زیاترە. هەروەها بۆ هەر حاڵەتێکی ئەنجامدانی خۆکوشتن کۆمەڵێك حاڵەتی هەوڵدانی خۆکوشتن هەیە[٤].

هەبۆونی هەر یەکێك لەم فاکتەرانەی خوارەوە بە فاکتەری مەترسیدار بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی خۆکوشتن لە ناو چاکسازیەکاندا دادەنرێن:

- بەندیخانە زەمینەیەکی گونجاوە بۆ ئەو گروپانەی کە لە ژێر مەترسی بەرزی خۆکوشتندان، وەکو گەنجی نێر، نەخۆشەکانی دەروونی، بێبەشکراوەکان لە مافەکانی کۆمەڵایەتی تاکەکەس، ئەوانەی لە کۆمەڵگە دوورن و پەراوێزکراون، ئاڵوودەبووەکانی

بە ماددەی هۆشبەر، هەبوونی هەوڵێکی پێشتری خۆکوشتن.
• ئاکامە نێگەتیڤەکانی دەروونــی گرتن و زیندانیکردن، یان فشاری دەروونــی رۆژانــەی ناو زیندان لە تواناکانی خۆگونجاندنی تاکەکەس زیاترە و دەبێتە هۆی مەترسی بەرزکردنەوەی رێژەی خۆکوشتن.
• لەناو چاکسازیەکاندا، لەوانەیە هیچ رێسا و کردەوەی فەرمی بۆ دەستنیشان کردن و یارمەتیدانی ئەو زیندانیانە نەبێت کە لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان.
• خۆ ئەگەر رێسا و کردەوەی گونجاویش لە ناو چاکسازیەکاندا هەبێت، ئیشی بەردەوامی فەرمانبەران و نەبوونی کەسانی شارەزا و پروفیشیناڵ، لەوانەیە ببێتە هۆی نەبوونی توانای دەستنیشان کردنی پێشوەخت بۆ نیشانەکانی خۆکوشتن.
• لەوانەیە دەزگـای چاکسازی لە بەرنامەکانی کۆمەڵگە بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونـی دوور بێت و ببێتە هۆی نەبۆون یان کەمی کارمەندانی تەندروستی دەروونی. ئەمەش دەبێتە هۆی نەبۆونی چارەسەری دەروونی گونجاو بۆ حاڵەتەکانی ناو چاکسازی.

رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن لە ناو دەزگا چاکسازیەکاندا
هەندێك لە زیندان و چاکسازیەکان، بەرنامەیەکی تـەواوی

نەهێشتنی خۆکوشتنیان هەیە و لە هەندێك وڵاتدا ڕێنمایی و پێوەری ستانداردی نەتەوەیی بۆ ڕێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن لە چاکسازیەکاندا دانراوە و کاری پێ دەکەن. ڕاپۆرتی ئەم وڵاتانە ئاشکرایان کردووە کە بە بەکارهێنان و پەیرەوکردنی بەرنامەکانی تێروتەسەلی ڕێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن، لە ڕووی ئامارەوە کەمبوونێکی گرنگ لە هەوڵدان و ئەنجامدانی خۆکوشتن تۆمارکراوە(١). هەرچەندە ووردەکاری ئەم بەرنامانە بە گوێرەی سەرچاوە و پێداویستیەکانی زیندانیەکان دەگۆڕێت، بەڵام هەندێك چالاکی و فاکتەری گونجاو لە ناودا هەن کە دەکرێ ببنە شەنگستەی تێگەییشتن و پراکتیزەکردنی پرۆسەی نەهێشتنی خۆکوشتن.

## دروستکردنی پرۆفایلەکانی خۆکوشتن

هەنگاوی یەکەم بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی خۆکوشتنی زیندانیەکان ئەوەیە کە پرۆفایلی خۆکوشتنیان بۆ دروست بکرێت، ئەم پرۆفایلانە بۆ دەستنیشان کردنی ئەو گروپانەی کە لە ژێر مەترسی بەرزدا دەژین و بۆ شرۆڤەکردنی رەوش و بارودۆخەکانیان بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە؛ لێکۆڵینەوەکان لە رووی دەستنیشان کردنی فاکتەرەکانی مەترسی خۆکوشتن ئاشکرایان کردووە کە فاکتەرەکانی خۆکوشتنی ئەوانەی پێش دادگاییکردن جیاوازن لە حوکمدراوەکان. هەرچۆنێك بێت، لە هەندێك شوێندا، ئەم پرۆفایلانە بۆ شرۆڤەکردن و دەربڕینی رەوشی گشتی کۆمەلگە بەکار دەهێنرێن و لەگەڵ دەزگای چاکسازیدا تێکەڵ دەکرێن[٥].

## پرۆفایل ١: زیندانیەکانی پێش دادگایکردن

ئەو زیندانیانەی کە هێشتا حوکم نەدراون و لە زیندان یان لە تەوقیفی پۆلیسەکاندا خۆکوشتن ئەنجامدەدەن زۆربەیان لە توخمی نێرن، گەنجن (لە تەمەنی ٢٠ – ٢٥ساڵیدان)، زگورتین، بۆ یەکەم جاریانە کە پێشێلکردنی یاسا ئەنجامدەدەن

و له‌ به‌ر هۆی بچووك گیراون، زۆربه‌یان له‌ سه‌ر بابه‌ته‌كانی په‌یوه‌ست به‌ مادده‌ی هۆشبه‌ر و ده‌رمان ده‌ست به‌سه‌ر كراون. زۆربه‌یان له‌ كاتی گرتندا بێهۆش یان سه‌رخۆشن، له‌ ماوه‌ی ٢٤ كاتژمێری یه‌كه‌می دوای گرتن و ده‌ست به‌سه‌ركردندا خۆكوشتن ئه‌نجامده‌ده‌ن، هه‌ندێكی تریشیان له‌ چه‌ند كاتژمێری یه‌كه‌می گرتندا خۆیان ده‌كوژن. كاتی دووه‌می مه‌ترسیدار بۆ خۆكوشتنی زیندانیه‌كانی پێش حوكمكردن كاتی هاتنی رۆژی دادگاییكردنه‌، به‌ تایبه‌تی ئه‌و كاته‌ی حومكدراوه‌كه‌ هه‌ست به‌ تاوان ده‌كات یان پێشبینی حوكمێكی توند و دژوار ده‌كات.

## پرۆفایل ٢: زیندانیه‌ حوكمدراوه‌كان

به‌ به‌راوورد له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی پێش دادگاییكردن، به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی ئه‌و حوكمدراوانه‌ی كه‌ خۆكوشتن ئه‌نجامده‌ده‌ن كه‌سانی به‌ ته‌مه‌نترن (٣٠ – ٣٥ ساڵ)، دوای به‌سه‌ربردنی ماوه‌یه‌كی درێژ له‌ ژێر چاودێریدا تاوانباره‌كه‌ خۆكوشتن ئه‌نجام ده‌دات (دوای ٤ – ٥ ساڵ). له‌وانه‌یه‌ هزر و ره‌فتاری خۆكوشتن له‌ ئه‌نجامی هه‌بوونی ململانێ دروست ببێت، ململانێی له‌ ناو ده‌زگاكه‌دا له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵه‌كانی یان له‌گه‌ڵ ئیداره‌ی چاكسازیه‌كه‌، یان له‌ ئه‌نجامی ململانێی خێزانی و هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی شیرازی

ژیان و پەیوەندیەکانی، یانیش لە ئەنجامی پرسە یاساییەکان ڕوو دەدات وەکو گوێنەدان بە بانگەوازی و داواکاریەکانی زیندانیەکە یان پشتگوێ خستن و ڕەتکردنەوەی ئازادکردنی.
لەوانەیە زیندان ببێتە هۆی نەمانی ئـازادی، لە دەستدانی پاڵپشتی خێزان و کۆمەڵگە، ترس لە نادیاری، ترس لە توندوتیژی سێکسی و جەستەیی، ترس و نادیاری لە دوارۆژ، شـەرمکردن و هەستکردنی بە تاوان دەربارەی سـەرپێچیەکەی، هەروەها ترس و فشاری دەروونی دەربارەی ڕەوشی نالەباری ژینگەی ناو بەندیخانەکە، لەگەڵ تێپەربۆونی کاتیشدا زیندان هەندێك پەستی دەروونی دیکە لە سەر پەست و ترسەکانی زیاد دەکات وەکو ململانێکانی ناو دەزگاکە، هەبوونی جیاکاری، بێبەشبوون لە خزمەتگوزاری یاسایی، تێکچوون و هەڵوەشانەوەی جەستە و سۆزی (عاتیفە) زیندانیەکە.

## فاکتەرەکانی مەترسیدار لە زینداندا

سـەرەرای پرۆفایلی تایبەت و دەستنیشانکراو لە سـەرەوە، هەندێك فاکتەری دیکەش هەن کە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی رێژەی خۆکوشتن. زیندانیەکانی بەندیخانە و چاکسازیەکان لە کۆمەڵێك فاکتەر و کاراکتەری گونجاودا بەشدارن کە دەکرێ بۆ چالاکیەکانی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن بەکار بهێنرێن.

فاکتەرەکانی شوێن

لـە زۆربـــەی زیـنـدانـەکـانـدا کـــردەوەی خـۆکـوشـتـن بـە خۆ هەڵواسینەوە (سێدارەدان) ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتی ئەو زیندانیانەی کە لە ژوورێکدا و بە تەنیا و جیا زیندان دەکرێن. ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ لە خانەی تەنیایدا بمێننەوە و لە کاتی کەمی کاردا وەکو رۆژانی پشوی فەرمی و لە کاتی شەودا، رێژەی مەترسی خۆکوشتن لە ناو چاکسازیەکان زیاتر دەبێت.

## فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

پێش پەیدابوونی رەفـتـاری خۆکوشتن، کەمی یـان نەبوونی پاڵپشتی خێزان و کۆمەڵگە (بـە تایبەتی لە یـەك یـان دوو ساڵی کۆتایدا)، هەبوونی مێژووی نەخۆشیەکی دەروونـی و

کێشەکانی دلینی (عاتیفی) فاکتەری بەربڵاوی خۆکوشتنی زیندانیەکانن. پەست و فاکتەرەکانی مەترسی خۆکوشتن هەر چیەك بن، لە کۆتاییدا هەستەکانی بێ ئۆمێدی و تەسکبوونەوەی پێشبینیەکانی دوارۆژ و نەمانی هیچ ڕێگەیەکی خۆگونجاندن لە سەر هەست و هزری قوربانیەکە زاڵ دەبن و خۆکوشتن دەبێتە تاکە ڕێگەی دەربازبوون لە بێزاری و ڕەوشی بێ ئۆمێدی. بۆیە، ئەگەر هەر کەسێك هەستی بێ ئۆمێدی یان حەزی کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی دەرببڕێت یانیش پلانێك بۆ خۆکوشتنی دانابێت، ئەوە بە کەسانی لە ژێر مەترسی بەرزدا دادەنرێن و پێویستی بە هاوکاری و بەدواداچوون هەیە.

## ئافرەت

هەرچەندە زۆربەی زۆری حاڵەتەکانی خۆکوشتنی ناو چاکسازیەکان لە لایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێن (چونکە زۆربەی زۆری زیندانیەکان پیاون)، بەڵام ئافرەتانی زیندانیش لە ژێر مەترسیەکی بەرزی خۆکوشتندان. ڕێژەی هەوڵدانی خۆکوشتن لە لای ئافرەتانی زیندانی پێنج ئەوەندە زیاترە لە ئافرەتەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگە[٦]. وە دوو ئەوەندەش لە

ڕێژەی پیاوە زیندانیەکان زیاترە. هەروەها ڕێژەیەکی بەرزی نەخۆشی دەروونی توندیان هەیە[٧]. بەڵام مەترسی تایبەت بۆ پرۆفایلی ئافرەتانی پێش دادگاییکردن و حوکمدراوەکان تا ئێستا ئاشکرا نییە. ئافرەتانیش، پێش پەیدا بوونی ڕەفتاری خۆکوشتن لە نەبوونی پاڵپشتی خێزان و کۆمەڵگە دەناڵێنن و ئەگەر مێژووی نەخۆشیەکی دەروونی یان کێشەکانی دلینی (عاتیفی) لە لایان هەبێت بە قوربانی ژێر مەترسی خۆکوشتن دادەنرێن و پێویستیان بە هاوکاری و چالاکیەکانی ڕێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن هەیە.

## نەوجەوان

ژیانی زیندان، سەربۆردەیەکی قورس و زەحمەتە بۆ ئەو نەوجەوانانە پێشێلکارانەی کە لە هاورێ و خێزانەکانیان دوورخراونەوە. ئەگەر لە زیندانی گەورەکان دابنرێن، بە شێوەیەکی تایبەت لە مەترسیەکی گەورەی خۆکوشتندا دەبن[٨].

## لەگەڵ کاتدا پرۆفایلەکان دەگۆڕن

پرۆفایل بۆ دەستنیشان کردنی ئەو گروپانەی کە بە راستی لەژێر مەترسی خۆکوشتندان و پێویستیان بە بەدواداچوون و چارەسەر هەیە، بەکار دەهێنرێن. کە بەرنامەکانی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن بە سەرکەوتوویی جێ بە جێ دەکرێن، ئەو پرۆفایلانەی کە لە ژێر مەترسیەکی گەورەدان لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێن[٩]. بە هەمان شێوەش، لەوانەیە بارودۆخی نایابی شوێنی زیندانەکە، بە شێوەیەکی تایبەتی، ببێتە هۆی گۆڕینی پرۆفایلی ئەو گروپانەی کە لە ژێر مەترسی گەورەی خۆکوشتندان. بۆیە، پێویستە پرۆفایل تەنها بۆ مەبەستی دەستنیشان کردنی بارودۆخی زیندان و ئەو گروپانەی کە لە ژێر مەترسی راستەقینەی خۆکوشتندان بەکار بهێنرێن. لە کاتی گونجاودا، پێویستە پرۆفایلەکان بۆ تێڕامان و کاردانەوەی رەوشی زیندانەکە بەکار بهێنرێن و بە رێکوپێکی نوێ بکرێنەوە بۆ ئەوەی سوود لە هەر گۆڕانکاریەکی سەرنجڕاکێش ببینن.

## لێکۆڵینەوە و پێشگرتن لە کاتی دەست بەسەرکردندا

هەر کاتێك فەرمانبەرانی چاکسازی فێری چۆنیەتی دەستنیشان کردنی فاکتەرەکانی مەترسیداری خۆکوشتن بوون و بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە بەدواداچوونی زانیاریەکان و لێکۆڵینەوەی حاڵەتە نوێیەکان بکەن و پێشگرتنی لە خۆکوشتن بۆ پێشکەش بکەن[١٠]. لەبەر ئەوە کردەوەی خۆکوشتنی زیندانیەکان لە کاتژمێرەکانی یەکەمی گرتن و دەست بەسەرکردن روودەدات، پێویستە پرۆسەی پێشگرتنی خۆکوشتن یەکسەر لەگەڵ زیندانیکردنی حاڵەتەکە دەست پێ بکات. وە بۆ ئەوەی کاریگەرتر بێت پێویستە پرۆسەی پێشگرتن دوای هەر گۆرانکاریەك لە رەوشی زیندانی یان بارودۆخی زیندانەکە دووبارە بکرێتەوە. لە هەندێك چاکسازیدا کە ناجێگر و هەژارن لە رووی پێداویستی و سەرچاوەکانەوە، لەوانەیە پرۆسەی پێشگرتن و بەدواداچوون ئاسان نەبێت. بۆیە پێویستە بە پێی توانا و واقیعی رەوشەکە پێشگرتن و بەدواداچوون بۆ ئەوانەی لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان بکەن و یارمەتی ئەوانە بدەن کە رەفتاری خۆکوشتن لە لایان بە دی دەکرێت.

هەر کاتێك سەرچاوە و پێداویستیەکان بەردەست بوون، پێویستە پرۆسەی بەدواداچوون و پێشگرتنی خۆکوشتن لە چوارچێوەی نۆرینگەیەکی خێرای پزیشکیدا بکرێت و ستافی چاودێری تەندروستی چاکسازیەکە لەم پرۆسەیەدا بەشدار ببن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم پرۆسەیە ئەرکی سەرەکی ستافی چاکسازیە، بۆیە پێویستە ستافەکانی چاکسازی بە باشی لەسەر ئەم بابەتە راهێنراو بن[11] و لیستەکانی بەرنامەی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن لە لایان هەبێت[12].

بۆ نموونە؛ لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی رەوشی خۆکوشتن لە چاکسازیەکاندا، وەڵامی دروستی یەکێك یان زیاتر لەم دەستەواژانەی خوارەوە وەکو پێوەر بۆ دەستنیشان کردنی ئەوانەی لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان بەکار دەهێنرێن و وەکو سەرچاوە بۆ شێوازی یارمەتیدان و چارەسەرکردن حساب دەکرێن.

- زیندانیەکە بێهۆشە یان سەرخۆشە یانیش ژەهراویبۆونی هەیە.
- زیندانیەکە بە شێوەیەکی لە رادەبەدەر هەست بە شەرمنی و تاوانباری و دڵەراوکێ دەکات کە دەست بەسەرکراوە و لە زینداندایە.

• زیندانیەکە بە راشکاوی بێ ئۆمێدی و ترس لە دوارۆژی خۆی دەردەبڕێت، یان هەندێك نیشانی خەمۆکی لێ دەردەکەون وەك گریانی بــەردەوام، نەبوونی سـۆز و دلینی، نەبوونی توانای دەربڕینی زمانی و قسەکردن (بۆ دەربڕاندنی هزر و هەستەکانی).

• هەندێك هزری خۆکوشتن لە لای زیندانیەکە دروست دەبن.

• زیندانیەکە مێژووی نەخۆشیەکی دەروونـی هەیە و پێشتر چارەسەری دەروونی وەرگرتووە.

• زیندانیەکە لە ئێستادا نەخۆشیەکی دەروونـی هەیە و بە شێوەیەکی سەیر و ناسرۆشتی رەفتار دەکات، وەکو ئەوەی کە لەگەڵ خۆی قسە دەکات، گوێ بیستی هەندێك دەنگی سەیر دەبێت و بە زەحمەت تەرکیز لە سەر بابەتەکان دەکات یان هەر ناتوانێت تەرکیز بکات.

• زیندانیەکە پێشتر هەوڵی خۆکوشتنی دابێت (جارێك یان زیاتر) و/ یان بە رێگە چارەیەکی قەبوڵکراوی گونجاو باس لە هەوڵدانەکانی پێشتری خۆکوشتنی خۆی دەکات.

• لە کاتی ئێستادا، زیندانیەکە پلانێکی دارێژراوی خۆکوشتنی هەیە.

• زیندانیەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە سەرچاوەی ناوخۆیی و

دەرەکی یارمەتیدان و پاڵپشتی زۆر کەمن یانیش دەردەخات کە هیچ پاڵپشتیەکی نییە.

لیستەکانی یارمەتیدەر بۆ ڕێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن گرنگیەکی گەورە و کاریگەر لە دانانی بەرنامەی ڕێگری و نەهێشتنی خۆکوشتندا هەیە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

- هەندێك پرسیاری ڕێکوپێکی ئاراستەکراو دەربارەی ئەو بوارە گرنگانەی کە پێویست بە بەدواداچوون و دەستێوەردان هەیە پێشکەش بە ئەفسەر و فەرمانبەرانی چاکسازیەکان دەکات.
- ئەگەر کاتێکی کەم بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەبێت، ئەم لیستانە وەکو یارمەتیدەرێکی وەبیرهێنانەوە و ڕەفتاری دروست بۆ کارمەندە سەرقاڵەکان کار دەکات.
- ئەم لیستانە ئاسانکاری لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی نێوان فەرمانبەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو چاکسازیدا دروست دەکات.
- وەکو دوکیۆمێنتی یاسایی بەکار دەهێنرێن کە لەکاتی گرتن و زیندانیکردندا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ زیندانیەکە کراوە و هەر گۆڕانکاریەك لە ڕەوشی زیندانی یان بارودۆخی زیندانەکە ڕوویدا بێت، پرۆسەی بەدواداچوونەکە دووبارە کراوەتەوە.

خۆ ئەگەر فەحسکردنی خێرای پزیشکی لە لایەن کارمەندانی چاودێری تەندروستی چاکسازیەوە بۆ زیندانیەکان بشکرێت، لە هەمان کاتیشدا و بۆ هەمان مەبەستی بەدواداچوون و پێشگرتنی خۆکوشتن پێویستە لیستی یارمەتیدەر بۆ دەستنیشان کردنی حاڵەتەکانی مەترسیدار بەکار بهێنرێت. هەر کاتێك زیاد بوونی مەترسی لە لای هەر زیندانیەك هەستی پێ کرا یان دەستنیشان کرا، پێویستە لە سەر فایلی زیندانیەکە تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی پێزانینەکانی دەربارەی رەوشی هەر زیندانیەك لە لای ستافی شەفتی دواتری ئیش کردن یان ستافی بنکەیەکی دیکە یان دەزگایەکی تری چاکسازی هاوشێوە ئاشکرا بێت و بە گوێرەی پێزانینە تۆمارکراوەکان کاری بۆ بکەن. لە کۆتاییشدا، گرنگی و سوودبەخشی لیستی یارمەتیدەر تەنها بۆ زیندانیە نوێیەکان نییە؛ بەڵکو لە توانادا هەیە هەموو کاتێك و بۆ هەموو زیندانیەکان بە حوکمدراوەکانیشەوە بەکار بهێنرێت و فاکتەرەکانی مەترسیداری خۆکوشتن یان شێوازەکانی دەستێوەردان و یارمەتیدانی پێ دەستنیشان بکرێت. ئەمەش بە کارمەندانی شارەزا و راهێنراوی چاکسازیەکان جێ بە جێ دەکرێت.

## لێکۆڵینەوە و پێشگرتن دوای دەست بەسەرکردن

چونکە لە هەموو بەندیخانە و چاکسازیەکاندا، زیندانیکردن لە دوای دەست بەسەرکردنی سەرەتایی دێت (هەندێکیان دوای چەند ساڵێك دەکرێت)، بۆیە بەدواداچوونی پێزانینەکان و لێکۆڵینەوەی یەکسەر لە کاتی دەست بەسەرکردندا بە تەنها کافی نییە بۆ پێشگرتنی خۆکوشتن، بەڵام پێویستە ماوە بە ماوە بۆ هەموو زیندانیەکان بکرێت. بۆ ئەوەی پرۆسەکە کاریگەر و کارا بێت، پێویستە بەرنامەی بەدواداچوون و پێشگرتنی خۆکوشتن بەردەوام بێت. هەروەها پێویستە ستافی زیندان و چاکسازی بە باشی رابهێنرێن کە هەموو کاتێك ووشیار بن و زیندانیەکان بە درێژایی کاتی زیندانیکردنیان بخرێنە ژێر چاودێری کردن[١٣]. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە ستافی چاکسازی ئاماژەکانی ئەو کەسانەی کە لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان بە بەردەوامی کۆبکەنەوە و تۆمار بکەن. لە رێگای ئەم چالاکیانەی خوارەوە، دەستنیشان کردنی حاڵەتەکانی مەترسیدار ئاسانتر دەبێت و ئامانجی سەرەکی

کارمەندانی چاکسازی لە پرۆسەی بەدواداچوون و پێشگرتندا جێ بە جێ دەبێت:

• پشکنینی رۆژانـەی ئەمنیەتی زیندان و زیندانیەکان بۆ دەستنیشان کردنی نیشانەکانی مەترسی خۆکوشتن، حەزی خۆکوشتن یان نەخۆشی دەروونی، گریانی بەردەوام، خەوزڕان، بێ تاقەتی، نائارامیەکی زۆر یان پێش و پاشیەکی ئاشکرا لە رەفتارەکانیدا؛ گۆڕینی لە ناکاوی میزاج، گۆڕینی عادەتەکانی خواردن یان نووستن، فرۆشتن یان وازهێنان لە شتومەکەکانی خـۆی؛ نەمانی حـەزی بـەشـداریـکردن لـە چالاکیـەکان یان پەیوەندیەکاندا؛ رەتکردنەوەی وەرگرتنی دەرمان یان داواکردنی ژەمی زیاتری دەرمانەکانی.

• گفتوگۆکردن لـەگـەڵ هـەر زینـدانیـەك دەربـارەی کاتی دادگاییکردنی یان دەربارەی کاتێکی تری ناخۆش (وەك مردنی ئەندامێکی خێزان یان جیابوونەوە) بۆ دەستنیشان کردنی هەستی بێ ئۆمێدی یان هەبوونی حەزی خۆکوشتن.

• چـاودێـری کـردن و سـەرپـەرشـتیـکردنـی سـەردانـەکـانـی خێزانەکانیان بۆ دەستنیشان کردنی ناکۆکیەکان و هەر کێشەیەك کە لە کاتی سەردانەکەدا پەیدا دەبێت. پێویستە خـێزانـەکـان هـان بـدرێن بـۆ ئـەوەی ئـەگـەر هەستیان کرد

خزمەکەیان نیازی خۆکوشتنی هەیە، کارمەندانی چاکسازی پێ ئاگادار بکەنەوە.

چارەسەرکردنی دوای لێکۆلینەوە و کۆکردنەوەی زانیاریەکان

دوای تەواوبوونی پرۆسەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاریەکان، پێویستە چاودێری و بەدواداچوونێکی تەواو و گونجاوی بۆ بکرێن. پێویستە پرۆسەیەکی چارەسەرکردن بە رێسا و رێنمایی ئاشکرا و رێکوپێك دابنرێت و ئەرك و بەرپرسیاری لایەنەکان تێدا دیار بکرێت، ئینجا دەبێت بە بەردەوامی سەرپەرشتی بکرێت و چارەسەری و دەستێوەردانی دەروونی بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژێر مەترسیەکی بەرزی خۆکوشتندان، پێشکەش بکرێت.

## چاوێدێریکردن و بەسەرکردنەوە

چاودێریکردنێکی تەواو بۆ کەسێك لە ژێر مەترسی خۆکوشتندا یەکلاکەرەوەیە، بە تایبەتی لە کاتی شەفتی دەوامی شەواندا (کە ژمارەی کارمەندان کەمترە)، هەروەها لەو بنکە و دەزگایانەی کە فەرمانبەری تایبەتمەندیان کەمە (وەکو بنکەی پۆلیس). پێویستە ئاستی چاودێریکردن لە ئاستی مەترسی خۆکوشتندا بیت. ئەو زیندانیانەی کە بڕیاری خۆکوشتنیان داوە، پێویستیان بە چاودێری و سەرپەرشتیکردنێکی جێگر و بەردەوام هەیە. وە ئەوانەی کە گومانی خۆکوشتن لە لایان بەرزە و هێشتا بڕیاری خۆکوشتنیان نەداوە، هەر (١٠ — ١٥) دەقیقە پێویستی بە چاودێری و بەسەرکردنەوە هەیە.

## دەستێوەردانی کۆمەڵایەتی

هەندێك لە زیندانیەکان بە مەترسی هزری خۆکوشتنەوە دێنە ناو چاکسازیەکان. ئەم کەسانە ڕووبەڕووی قەیرانەکانی دەست بەسەرکردن و پەستە دەروونیەکانی بەردەوامی ناو زیندانەکان دەبنەوە، کە دەبنە هۆی هەڵوەشانەوەی دلینی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان، لە ئەنجامیشدا ڕوو لە خۆکوشتن دەکەن.

جیابوونەوە لە کۆمەڵگە و نەبوونی سەرچاوەکانی یارمەتیدان و پاڵپشتی مەترسی خۆکوشتن لە لایان زیاتر دەکات. بۆیە کاراکتەری هەرە گرنگی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن لە چاکسازیەکاندا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵایەتی کردنە. زۆربەی زۆری حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە چاکسازیەکاندا لەو کاتەدا روو دەدەن کە زیندانیەکە لە کارمەندان و هاورێکانی ناو خانەکان جیا دەکرێنەوە. بۆیە لە بەر هەر هۆیەك بێت، جیاکردنەوەی زیندانی لە خانەیەکی بە تەنیاییدا یان دوورخستنەوەی لە هاوزیندانیەکانی رێژەی خۆکوشتن لە لایان زیاتر دەکات. هەر کاتێك گومان لە زیندانیەك هەبێت کە لەوانەیە کردەوەی خۆکوشتن ئەنجام بدات، پێویستە لە ماڵێك یان لە خانەیەکی پڕ لە زیندانی دابنرێت، بە تایبەتی ئەگەر هەندێك هاورێی هاوسۆزی لەگەڵدا بن، بەم پێیەش رێژەی خۆکوشتنیان کەمتر دەبێتەوە. لە هەندێك دەزگادا پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بە رێگای هاورێیە هاوسۆزەکانی لە زینداندا پێشکەش دەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو هاورێیانە بە باشی لەسەر پێشکەش کردنی یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی راهێنراو کرا بن. هەروەها لە توانایاندا هەیە کە سوود لەم هاورێیانە ببینن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانی دەربارەی کەسی گومانلێکراو.

له لایەکی تریشەوە سەردانی خێزان گرنگیەکی زۆری بۆ یارمەتیدانی زیندانیەکە هەیە و وەکو ئەلەمەنتێکی پاڵپشتی و یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێن.

بەڵام شایانی تێبینی کردنە کە بایەخ نەدان بە پێشکەش کردنی چاودێری و گرنگی نەدان بە دەستێوەردانێکی کاریگەری کۆمەڵایەتی مەترسی خۆکوشتن زیاد دەکات. بۆ نموونە؛ کە کەسێکی گۆمانلێکراو بخرێتە ناو هۆڵێکی پڕ لە هاوڕێی هاوخانە، لە ناو ئەم هەموو هاوڕێیانەدا بە ئاسانی هۆکارەکانی خۆکوشتن دەست دەکەوێت. بە تایبەتی ئەگەر هاوڕێیەکانی هاوسۆز (موتەعاتیف) نەبن و لە کاتی هەوڵدانی خۆکوشتندا ئاگاداری کارمەندانی چاکسازیەکە نەکەنەوە. بۆیە دانانی کەسێکی گومانلێکراو لە ناو خانەیەکی هاوبەشدا، هیچ کاتێك نابێتە جێگرەوەی چاودێری و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی کە لە لایەن کارمەندانی راهێنراو پێشکەش دەکرێن[١٤].

## ئەندازە و ژینگەی زیندان یان چاکسازی

زۆربـەی زۆری زیندانیەکان کـردەوەی خۆکوشتن بـە خۆ هەلواسینەوە ئەنجام دەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش جل و بەرگی خۆیان بەکار دەهێنن وەکو (گۆرەوی، فانیلە، قاییش، قەیتانی پێڵاو، کراس یان قەمیس) یانیش شەرشەف و خاولی بەکار دەهێنن. ژینگەی ئەمین و بەتاڵ لە خۆکوشتن ئەو خانەیە یان هۆڵەیە کە شوێنی خۆهەڵواسینی تێدا نەبێت یان زۆر کەم بێت و هۆکارەکانی مەترسیداری خۆکوشتنی لە بەردەستدا نەبن.

زۆر جار زیندانیکردن پێویستی بە بەکارهێنانی جلی پارێزراو و قەید و زنجیر هەیە. لە بەر ئەوەی گەنگەشەیەکی گەورە لە سەر بەکار هێنانی قەید و زنجیر هەیە، بۆیە پێویستە رێسای تایبەت و ئیجرائاتی ئاشکرایان هەبێت لە کاتی بەکارهێناندا.

پێویستە ئەو بارودۆخانەی کە پێویستیان بە بەکارهێنانی قەید و زنجیر هەیە ئاشکرا بێت، لە کامە رەوشدا گونجاوە و لە کامەیاندا نەگونجاوە، کارمەندان لە سەر رێگای بەکارهێنانیان رابهێنرێن کە کەمترین بەستن و بابەتی سەلامەتی زیندانیەکە لە پێش هەموو شتێك بێت، هەروەها پێویستە کاتی قەیدکردنەکە دیاریکراو بێت و هەر کە بگەیەنرێتە شوێنی مەبەست پێویستە قەیدەکان لابدرێن. لەگەڵ ئەم هەموو ئیجرائاتەنەش پێویستە

کارمەندانی چاکسازی لە سەر کاری سەرپەرشتیکردن و چاودێری و بەسەرکردنەوە بەردەوام بن و زیندانیەکە پیشانی کارمەندانی پیشەکاری تەندروستی دەروونی بدرێت.
لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلوژیادا، چاودێریکردنی بە کامیرا شوێنی چاودێریکردنی بە چاوی گرتۆتەوە کە پۆلیس و کارمەندەکان لە ژوورەکانی خۆیانەوە چاودێری زیندانیەکان دەکەن. بەڵام داپۆشینی کامیرە لە لایەن حاڵەتەکانەوە یان سەرقاڵا بوونی کارمەندانی ژووری کونترۆل لەوانەیە ببێتە هۆی پەیدابوونی کێشەیەکی نەبینراو. بۆیە پێویستە چاودێریکردنی بە کامیرە تێکەڵ بکرێت لە گەل چاودێریکردنی رۆتینی رۆژانە کە هەر (١٠ – ١٥) دەقیقە سەردانی خانەکان بکەن، سەیری رەوشی زیندانیەکان بکەن و بە چاوی خۆیان ببینن.

## چارەسەرکردنی دەروونی

هەرکاتێك کەسێکی ژێر مەترسی خۆکوشتن دەستنیشان کرا، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی زیاتر و چارەسەرکردنی دەروونی هەیە کە لە لایەن کارمەندانی تەندروستی دەروونیەوە پێشکەش دەکرێن. زۆربەی جاران و لە گەلێك زیندان و چاکسازیەکاندا کەسانی شارەزای چارەسەری دەروونی کەمن، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە پیشەکارانە لەناو کۆمەڵگەشدا کەمن. بەڵام هەر کاتێك پێویست بێت، ئەرکی کارمەندانی چاکسازیە کە لینکێك بدۆزنەوە و حاڵەتەکە ئیحالەی بنکەی تەندروستی دەروونی بکەن.

لەوانەیە لە دەزگا چاکسازیەکاندا سەرچاوەی پێویستی تەندروستی و تەندروستی دەروونی نەبێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ زیندانەکانیان. کارێکی بەجێش نییە کە ئەوان گەشە بە ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانە بدەن، لە کاتێکدا کە ئەرکی سەرەکیان چاودێریکردن و کونترۆل کردنە. بەڵام بۆ ئەوەی هەموو خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و تەندروستی دەروونی بۆ زیندانیەکان دابین بکرێت، ئەرکی چاکسازیە کە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ بەرنامەکانی تەندروستی سەرەتایی ناو کۆمەڵگە هەبێت و لەکاتی پێویستدا سوودی لێ وەرگرن.

ئەمەش مانای ئەوە کە پێویستە دادگای تاوان و دەزگاکانی تەندروستی دەروونی و سیستەمی تەندروستی گشتی کۆمەڵگە هەماهەنگیەکی کاریگەر و تەواویان لەگەڵ چاکسازیەکاندا هەبێت و تەواوکەری یەکتر بن. هەروەها پێویستە پەیوەندیەکی تـەواو و پتەویان لەگەل دەزگـا گرنگەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی و دەروونـی هـەبێت وەکو نەخۆشخانەی گشتی شـار، نـەخـۆشـخـانـەی خـزمـەتـگـوزاریـەکـانـی ئیمێرجێنسی، نەخۆشخانەی دەروونی، بەرنامەکانی تەندروستی دەروونی ناو کۆمەڵگە و بەرنامەکانی ئاڵوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان.

## ئەگەر هەوڵدانێکی خۆکوشتن روویدا

ئەگەر هەوڵدانێکی خۆکوشتن روویدا، پێویستە کارمەندانی شارەزای چاکسازیەکە یەکسەر ئەمنیەتی شوێنەکە بپارێزن و دەست بە پێشکەش کردنی فریاگوزاریە سەرەتایەکان بکەن هەتا کارمەندی پسپۆر یان ستافی تەندروستی ئیمێرجێنسی لە دەرەوە دێن و دەگەنە شوێنی رووداوەکە. راهێنانی کارمەندانی چاکسازی لە سەر چۆنیەتی پێشکەش کردنی فریاگوزاریە سەرەتایەکان کلیلی سەرەکی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتنە. لە راستیدا، پێشکەش کردنی فریاگۆزاریە سەرەتایەکان لە شوێنی رووداوەکەدا پێویستە ببێتە بەشێکی ستاندارد لە ئیجرائاتەکانی فەرمی ئیش کردندا. بۆ ئەنجامدانی ئیجرائاتێکی خێرای بێ دواکەوتن، پێویستە پێشوەخت کەنالێکی پەیوەندیکرن لەگەڵ ستافی تەندروستی و پرۆسەی کاردانەوەی ئیمێرجێنسی هەبێت، بۆ ئەوەی کە رووداوەکە روویدا بەپەلە بگەنە شوێنی مەبەست. لە نەخۆشخانەی ئیمێرجینسیش پێویستە ئامێر و پێداویستییەکانی رزگارکردن هەموو کاتێك کارا و بەردەست و لە ئیشکردندا بن. راهێنانی بەردەوامی پراکتیکی بۆ کارمەندانی ئیمێرجنسی و چاکسازیەکان کاردانەوەیەکی نموونەیی بۆ رووداو و پێشهاتەکان دروست دەکەن[١٥].

## هەوڵدانی دروستکراوی خۆکوشتن

لە هەندێك رەوش و بارودۆخدا، بەندکراوەکە هەندێك ئاماژەی دروستکراوی خۆکوشتن ئاراستە دەکات کە مەرامی کونترۆڵکردنی ژینگەی زیندانەکەیە و دەیەوێت سەرنجی کارمەندان بەلای خۆیدا رابکێشێت، بۆ ئەوەی بنێردرێتە نەخۆشخانە یان بۆ شوێنێکی باشتر بگوازرێتەوە [١٦] [١٧]. هەر هەوڵدانێکی دروستکراوی خۆکوشتن کە بۆ بە دەستەوە هێنانی دەسکەوتێك یان رزگاربوونێك بێت یان بۆ هەر مەرامێکی دیکە بێت، پێویستە بە گرنگی وەربگیرێت و بایەخێکی ئەمنی پێ بدرێت، بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری ئەمنیەتی بەندیخانەکە کار دەکەن. ئەو زیندانیانەی کە کەسایەتیەکی سایکوبات یان رەفتارێکی نا کۆمەڵایەتیان هەیە توانای خۆگونجاندنیان کەمترە و بە ئاسانی ناتوانن مامەڵە لەگەل ژینگە و ژیانی بەندیخانەکە بکەن، بۆیە زیاتر پەنا بۆ هەوڵدانی دروستکراوی خۆکوشتن دەبەن. ئافرەتە بەندکراوەکان بە بەردەوامی خۆئازاردان (بڕین و سووتاندن)، وەکو کاردانەوەیەکی فشاری دەروونی بۆ ژیانی گرتووخانە و کلتۆری زیندان بەکار دەهێنن.

هەر کاتێك کارمەندی چاکسازی گەیشتە ئەنجامێك کە هەوڵدانی خۆکوشتن بۆ سەرنجڕاکێشان و کونترۆڵکردنی ژینگەی گرتووخانەیە و راستەقینە نییە، ئاراستەی باو ئەوەیە کە گرنگیەکی جیدی پێ نادرێت و ناخرێتە چوارچێوەی چارەسەری و بەدواداچووندا. ئەوە راست دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر زیندانیەکە مێژوویەکی پێشتری پێشێلکردنی یاسا و تێکدان هەبێت. بەڵام هەوڵدانی خۆکوشتن چۆن بێت و بۆ چ مەرامێك بێت، لەوانەیە ببێتە هۆی مردن، خۆ ئەگەر مەرامی بنەرەتی مردنیش نەبێت. بایەخ نەدان بە رەفتاری خۆئازاردان یان خۆسزادانی جەستەیی و جیاکردنەوەیان کێشەکە خراپتر دەکات و زیندانیەکە دەکەوێتە ژێر مەترسیەکی زیاتری توند و دراماتیکیدا. بۆیە پێویستە کار لەسەر خۆئازاردانی راستەقینە بکرێت، ئەو بەرنامانە بەکار بهێنن کە دەبنە هۆی سەرپەرشتیکردنێکی کاریگەر بۆ زیندانیەکان، پێشکەش کردنی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە خزمەتگوزاریەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، فاکتەری یەکلاکەرەوەی یارمەتیدانی حاڵەتەکانە.

## ئەگەر حاڵەتێکی خۆکوشتن روویدا

ئەگەر کەسێك خۆی کوشت، پێویستە پرۆسەکە بخرێتە چوارچێوەی دوکیۆمێنتاری فەرمی و راپۆرتێکی تێروتەسەل لە سەر رووداوەکە تۆمار بکرێت. هەروەها پێشکەشکردنی زانیاری پێویستی بیناکار و سوودبەخش بۆ باشترکردنی چالاکیەکانی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن لە ئاییندەدا. بەم پێیەش پێویستە کارمەندانی چاکسازی و ستافی تەندروستی گفتوگۆی شرۆڤەکار لە سەر رووداوەکە بکەن وەکو هەوڵدانێك بۆ:

- هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ئەو رووداوانەی کە دەبنە هۆی خۆکوشتن.
- دەستنیشان کردنی ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی مردنی زیندانی کە باسیان لێ نەکراوە یان بە شێوەیەکی تەواو دەستنیشان نەکراون.
- هەڵسەنگاندنی تەواوی کاردانەوەی ستافی ئیمێرجنسی.
- پلاندانان بۆ نەخشەکێشانی رێسا و رێنمایی باشترکردنی رەنجەکانی رێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن لە ئاییندەدا.

سەرەرای ئەوەش، لەوانەیە ستافی تەندروستی و کارمەندانی چاکسازی کە زیندانیەك لە ژێر سەرپەرشتیان کردەوەی

خۆکوشتن ئەنجام دەدات، تۆشی هەست و سەربۆردەیەکی نالەبار ببن کە لە ئاستی تۆڕەبوون و بێزاربوون دەست پێدەکات و تا دەگاتە خەمگینی و هەستکردن بە تاوان. ئەم کەسانە دەتوانن سوود لە گفتوگۆی کراوە و تێروتەسەل یان رێکخستنی فەرمی هاورێکان یانیش یارمەتیدانی ئاڵوگۆری یەکتر ببینن.

زیندان ژینگەیەکی زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی خۆکوشتنی هێشوویی(١٨). تاقیکردنەوەکانی خۆکوشتنی هێشوویی لە لایەن بەنکراوەکانەوە ئاشکرای کردووە کە زیادبوونی مەترسی رەفتاری خۆکوشتنی دواتر بۆ ماوەی چوار هەفتە لە رۆژی خۆکوشتنی یەکەمدا دەخایەنێت و لەگەڵ کاتدا کەمتر دەبێتەوە(١٩). پێویستە کارمەندانی زیندان ئاگاداری ئەم کاتە مەترسیدارە بن. ستراتیژییەکانی سەرەکی بۆ کەمکردنەوەی پەتای رەفتاری خۆکوشتن ئەوەیە کە چاودێری دەروونی زیندانیەکە و نەخۆشیەکانی دەروونی بکەین، لابردن یان چارەسەرکردنی ئەوانەی کە هەستدارن و مامەڵەیەکی ووشیارانە لەگەڵ گواستنەوەی ئەو پێزانینانە بکرێت کە دەڵێت کردەوەی خۆکوشتن بە هۆی دەستەڵاتەوە ئەنجامدراوە.

## پوختەی باشترین پراکتیك

باشترین کردەوەی پراکتیکی بۆ ڕێگری و نەهێشتنی خۆکوشتن لە زیندان و گرتووخانەکاندا ئەوەیە کە بە گەشەکردن و دوکیۆمێنت کردنی بەرنامەی پلانێکی تەواوی نەهێشتنی خۆکوشتن لەم ئەلەمێنتانەی خوارەوە دابنرێت:

- بەرنامەیەکی تەواوی بەهێزکردنی تواناکانی کارمەندانی چاکسازی بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بەندکراوانەی کە لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان بناسن و کاردانەوەی گونجاویان بۆ قەیرانەکانی خۆکوشتن هەبێت.
- پرۆسەی بە سیستەمکردنی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیندانیەکان یەکسەر دوای هاتنیان بۆ گرتووخانە و هەروەها دەستنیشان کردن و بەدواداچوونی ئەوانەی کە لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان.

- هەبوونی میکانیزمێکی پتەو بۆ پاراستنی پەیوەندیەکانی نێوان ستافی چاکسازی دەربارەی ئەو زیندانیانەی کە لە ژێر مەترسی خۆکوشتندان.
- نووسین و تۆمارکردنی ئەو ئیجرائاتانەی کە کەمترین پێداویستی زیندانیەکانی ژێر مەترسی خۆکوشتن دەستنیشان دەکەن: چاودێریکردنی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، چێککردنی رۆتینی و بەدواداچوونێکی بەردەوام بۆ ئەو حاڵەتانەی کە لە ژێر مەترسیەکی گەورەدان و بەکارهێنانێکی گونجاوی قەید و زنجیرەکان.
- گەشەسەندنی سەرچاوەکانی کاریگەری ناوخۆیی یان پەیوەندیکردن بە لینکەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی ناو کۆمەلگا و پەیوەندیکردن بە کەسانی شارەزا لە بواری تەندروستی دەروونی هەر کاتێك کە پێویستی بە هەڵسەنگاندن و چارەسەری ببێت.
- دانانی ستراتیژیەکی شرۆڤەکردن و گفتوگۆکردن بۆ ئەو کاتانەی کە یەکێك خۆکوشتن ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی دۆزینەوە و دەستنیشان کردن و رێکوپێك کردن و چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە چاکسازیەکاندا باشتر لێ بکرێت.

# سەرچاوەکان:

References

1. Felthous AR. Preventing jailhouse suicides. Bulleting of the American Academy of Psychiatry and the Law، 1994، 22(4): 477488-.

2. World Health Organization. Figures and Facts about Suicide. Geneva، 1999.

3. Task Force on Suicide in Canada. Suicide in Canada. Minister of National Health and Welfare، Ottawa، 1994.

4. Danto B. The role of the forensic psychiatrist in jail and prison suicide litigation. In: Rosner R، Harmon RB، Correctional psychiatry. New York، Plenum Press، 1989، 6188-.

5. Bonner RL. Isolation، Seclusion، and psychosocial vulnerability as risk factors for suicide behind bars.

In: Maris RW، Berman AL، Maltsberger JT، Yufit RI. Assessment and prediction of suicide. New York، The Guilford Press، 1992، 398419-.

6. Holley HL، Arboleda-Florez J، Love E. Lifetime prevalence of prior suicide attempts in a remanded population and relationship to current mental illness. International journal of offender therapy and comparative criminology، 1995، 39(3): 190 - 209.

7. Fryers T، Brugha T، Grounds A، Melzer D. Severe mental illness in prisoners. British medical journal، 1998، 317: 1025 - 1026.

8. Winkler GE. Assessing and responding to suicidal jail inmates. Community mental health journal، 1992، 28(4): 317326-.

9. Farmer KA، Felthous AR، Holzer CE. Medically serious suicide attempts in a jail with a suicide

prevention program. Journal of forensic sciences، 1996، 41(2): 240246-.

10. Landsberg G، Cox JF، McCarthy DW، Paravati MP. The New York State Model of Suicide Prevention and Crisis Intervention with local jails and police lockups. In: Rosner R، Harmon RB. Correctional psychiatry. New York، Plenum Press، 1989، 89108-.

11. Farrell G، Mainprize B. Update on suicide prevention training: Correctional service of Canada. Communications and Corporate Development، Program and Information Analysis، Ottawa، Canada، 1990.

12. Arboleda-Florez J، Holley HL. Development of a suicide screening instrument for use in a Remand Centre Setting. Canadian journal of psychiatry، 1998، 33: 595598-.

13. Landsberg G. Issues in the prevention and

detection of suicide potential in correctional facilities. In: Rosner R. Principles and practice of forensic psychiatry. New York: Chapman and Hall، 1994، 393397-.

14. Danto BL. Suicide litigation as an agent of change in jail and prison: an initial report. Behavioral Sciences and the Law، 1997، 15، 415-425.

15. Hayes LM. From Chaos to calm: one jail system›s struggle with suicide prevention. Behavioral Sciences and the Law، 1997، 15: 399413-.

16. Fulwiler C، Forbes C، Santagelo SL، Folstein M. Self-mutilation and suicide attempt: distinguishing features in prisoners. Journal of the American Academy of Psychiatry and the Law، 1997، 25(1): 6977-.

17. Holley HL، Arboleda-Florez J. Hypernomia and

self-destructiveness in penal settings. International journal of law and psychiatry، 1988، 22: 167178-.
18. O›Carroll PW، Mercy JA، Steward JA. Suicide contagion and the reporting of suicide: Recommendations from a national workshop. Morbidity and mortality weekly report، 1988، 43(No. RR-6)، 19-.
19. Cox B، Skegg K. Contagious suicide in prisons and police cells. Journal of epidemiology and community health، 1993، 47: 6972-.